# کوردانی ئەسینا بایکۆتی هەڵبژاردنەکان دەکەن

## سێ منداڵو دایکێک ماوەی هەشت مانگە لە یونان زیندانی کراونو کەس خۆی بە ساحێبییان نازانێ



### دایکم چەند جارێک لەزیندان هەوڵی خۆکوشتنی داوەو ژیانیان لەمەترسیدایە



فۆتۆ: لەئینتەرنێتەوە

پۆلیسێکی یۆنانی لەئەسینای پایتەخت

ئا: محەمەد زەنگەنە

پەرژین ناسر محەمەدو سێ منداڵەکەی لە ٢٠٠٩/٤/١٨ لە شاری سیڤا کەیەکێکە لە شارەکانی یونان دەستگیرکراون، بەوتەی کوری ئەو ژنە، دایکی سێ جار هەوڵی خۆکوشتنیداوە. کوردانی ئەسینایش دەڵێن گەر ئەو خێزانە ئازاد نەکرێت، بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەن . پیاوی ژنەکەیشوەک خۆی دەڵێت "ئەوەی ئەو بۆیەکێتی کردوە لێیپەشیمانە .

دیاری سوارە کوری ئەو ژنە دەستگیر کراوە پێی راگەیاندین لە مانگی ئاداری ٢٠٠٩وە باوکیان توشی نەخۆشیەکی کوشندەبوە بەوهۆیەوە تەواوی کەلو پەلی ماڵەکەیان فرۆشتوە لەرێگایی قاچاخچیەوە گەیشتونە یونان، لەکاتی گەشتنیان بە یەکێک لە شارەکانی یونان، پۆلیسی ئەو شارە دایکیو دووبراکەیو خوشکەکەی دەستگیر دەکەنو راپێچی زیندانیان دەکەن بەتۆمەتی بەنایاسایی گەیشتن بە یونان، ئەو وتیشی "ئیستا دایکمو براکانم لە زینداندانو باوکیشم گەیشتووەتە بەلجیکاو بەهۆی نەخۆشیەکەیەوە لە نەخۆشخانە کەوتوە ,وتیشی تائیستا دایکم سێجار هەوڵی خۆکوشتنی داوە لە زینداندا، ئەوکورە ئێستا داواکارە لە حکومەتی هەرێم دایکیو براو خوشکەکانی لەزیندان ئازاد بکرێتو بیان گەرێننەوە بۆ کوردستان .

سەرچاوەیەک لە فیدراسیۆنی پەنابەرانی ئەسیناوە ئەوەی پێراگەیاندین کەبەهیچ جۆرێک رێگەنادەن بە کوردانی ئەوولاتە سەردانی ئەو خێزانە کوردەبکەنو هاوکاریان پێشکەش بکرێتو تشی ئەو خێزانە ئیستا لەبارێکی زۆر خراپدا ژیان بەسەر دەبن مامەڵەی پاسەوانەکانی ئەو زیندانەیش زۆر خراپە لەگەڵیاندا سەرچاوەکەوتیشی بەمەبەستی ئازادکردنی ئەو خێزانە چەندین جار سەردانی خاچی سوری نێودەوڵەتیانکردوە بۆئەوەی کارێک بۆ ئەو خێزانە بکات ,بەڵام هیچ سودی نەبوەوتشی گەر بە شێوەی ئیستا بمێنێتەوە ئەوا ژیانی دایکی منداڵەکانو منداڵەکان لە مەترسیەکی زۆر گەورەدا دەبێت .

سوارە فارس سەرۆکی ئەو خێزانە ئەوەی راگەیاند کە ٢٤ساڵ خزمەتی یەکێتی کردوە دواپلەیشی ئەفسەر بوە لە سکرتاریەتی مام جەلال کاتێکیش توشی نەخۆشی بوە داوای لێکردون بینێرنە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەرکردن، بەڵام هیچ وەڵامیان نەدامەوەتەوە، ناچار لەسەر گیرفانی خۆم سەردانی ئێرانم کرد بۆچارەسەرکردن، پیان راگەیاندم چارەسەر تەنها لەدەرەوەیوڵات دەکرێت دوای گەرانەوەم داوامکرد بمنێرنە دەرەوەیوڵات بۆ ئەوەی چارەسەری نەخۆشیەکەم بکەم، هیچ هاوکاریان نەکردمو پیانوتم خۆت دەتوانی برۆیت ناچار چیم هەبو فرۆشتم لەرێگایی قاچاخەوە گەیشتمە یونان، دوای گەیشتنم لەیەکتری جیابوینەوە من گەیشتمە بەلجیکاو خێزانەکەموو سێ منداڵەکەیشم دەستگیر کران، لەو کاتەوە تائیستا دەیان جار سەردانی پەیوەندیەکانی یەکێتیو کۆمیتەی ئەسینای یەکێتیم کردوە کەشێخ حوسێن لێپرسراوی کۆمیتەیە هیچوەڵامیان نەداومەتەوە، بگرە زۆر بە ناشیرینی وەڵامیان دامەتەوە. ئەو لە درێژەی قسەکانیداوتیشی " منوەک پێشمەرگەیەکی یەکێتی زۆر نیگەرانم بەرانبەر بە یەکێتی کەبەهیچ شێوەیەک خۆی بە خاوەنی ئێمە نازانێت، لەکاتێکدا پێویست بو لەپێش هەموو لایەنەکانەوە یەکێتی خۆی بەخاوەنی ئەو کێشە بزانیایە نەکوەک ئیستاوەڵامیشمان نادەنەوە , ئیستا داواکارم لە سەرۆکی هەرێم بەهەر رێگەیەک بێت هەوڵی ئازادکردنی خێزانکەموو منداڵەکانم بدات، ژنەکەم تائیستا سێجار هەوڵیداوە خۆی بکوژێت دواجاریشان فاستی خواردوە، رۆژانەیش دووجار لەهۆش خۆی دەچێت". پیاوی ئەو ژنە باسی لەوەیشکرد گەر بە فریایی خێزانەکەی نەکەون ئەوە لەمانگی تەمووزی ئەمساڵدا دادگایی دەکرێنو حوکم دەدرێن، بەپێ یاساکانی ئەو شارە.

زاهیر عەلی یەکێکە لە کوردەکانی ئەسینا پێی راگەیاندین " لەوکاتەوەی کە ئەو خێزانە بەندکراون تائیستا کوردانی ئەوولاتە لە هەوڵی ئازادکردنیدان، لایەن نەماوە پەیوەندی لەگەڵ نەبەستن بۆ ئازادکردنی بەتایبەتی یەکێتی، بەڵام هیچ کارێکی بۆ ناکەنوتشی ئێمەی کوردانی ئەسینا ئەوە رادەگەیەنین گەر ئەو خێزانە ئازاد نەکرێت، ئەوە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان دەکەینو دەنگ نادەین، ئەگەر حکومەتی هەرێم بەرەسمی هەوڵی ئازاد کردنیان نەدا، ئەم هەڵوێستەشمان لەبەر ئەوەیە کە کەس خۆی بە خاوەنی کوردانی دەرەوەیوڵات نازانێت، ئێمە بۆ دەنگ بدەین ".

> بایکۆتی هەڵبژاردنەکان دەکەینو دەنگ نادەین، ئەگەر حکومەتی هەرێم بەرەسمی هەوڵی ئازاد کردنیان نەدا

# لەگەرمیان پارتی کار بۆ پاڵێوراوەکانی خۆی ناکات

ئا: کاوە گەرمیانی،گەرمیان

سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەرێگەی رێنمایەکانییەوە سەرجەم لقەکانی ئاگاداردەکاتەوە کە کار بۆ دکتۆر مەحمود عوسمان بکەن، بۆ ئەوەی دەربچێت.

ئەم پێداگیرییەی پارتی کە لەسەر هەوادارانی خۆی کردووە، کەسوکاری ئەو کاندیدانەی تری پارتی نیگەران کردووەو هەندێکیشییان لە پۆستەکانی خۆیان دەستییان لەکار کێشاوەتەوە، لە لایەکی تریشەوە ئەندامێکی کۆمەڵی ئیسلامیش لە گەرمیان ئاماژەی بەوە کردووە، کە "بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیانی کۆمەڵی ئیسلامی ، خۆی کاندیدکردووە، بەبێئەوەی پرسی بە خواروی خۆی کردبێ، داخۆ کەسی تر هەیە خۆی کاندید بکات".

ئومێد کوڕی (ئیبراهیم عەلی مراد)ە کاندیدی هاوپەیمانی کوردستانە لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ژمارە ١٤، ئەو گەنجە لە لێدوانێکیدا بە ئاوێنەی رایگەیاند"لەبەرامبەر لقی ٢٢ی پارتی هەڵویستەکانمان روونە، من جێگری بەرێوەبەرایەتی دەزگای شەهیدانو ئەنفالکراوەکانی گەرمیان بوم، دەستلەکارکیشانەوەی خۆم راگەیاند، کە ئیش بۆ باوکم ناکەن، باپێشتر کاندیدیان نەکردایە".

ئەم لاوە کە بەو هەڵوێستەی پارتی زۆر نیگەران بووە، کە هانی باوکییان داوە خۆی کاندید بکات، لەولاشەوە پشتیان تێکردووە " زۆر نیگەرانم لە لقی ٢٢ پارتی، نوسراوم بۆیان کرد کەوا نوێنەری پارتی نیم،وەک فەرمانبەر لەو دەزگایە کاردەکەم".

ئومێد باسی لەوەشکرد کە بەردەوام دەبن لە بانگەشەکردن بۆ باوکیانو دەڵێت"تا ئێستا نەوەستاوین لە بانگەشە بۆ باوکم، ئیشی جدیشی بۆ دەکەم کە خەڵکێکی زۆر دەناسم".

لەلای خۆیشیەوە عومەر شەریف بەرپرسی راگەیاندنی لقی گەرمیانی پارتی، لە لێدوانێکدا بۆ ئاوێنە وتی"ئێمە کاندیدی رەسمی پارتی لە سنوری لقی ٢٢ی گەرمیانو دەربەندیخان تا کفری د.مەحمود عوسمانە، بەڵام لایەنگرمان هەیە ئیبراهیم عەلی کارگێری لقی ئێمەیە خۆی هەڵبژاردووە، بەڵام ئێمە بە رەسمی کار بۆ ئەو دەکەین کە بڕیاری مەکتەبی سیاسی پارتییە. ئێمە لێکدانەوەی دەنگەکانی خۆمان کردووە بۆ ئەوەی دەنگەکانمان بڵاوەنەکات کورسیو حەجمی راستەقینەی خۆمان دەرکەوێت، ئیش بۆ د.مەحمود عوسمان دەکەین، کاندیدی سەرۆکە".

ناوبراو ئەوەشی خستەڕوو، کەبەپێی رای شارەزایان هەرکورسیەک ٣٥ هەزار دەنگی دەوێت، بۆیە دەنگەکان بڵاوەبکات کورسیمان بەر ناکەوێت، بۆ ئەوەی دەنگی راستەقینەی خۆمان بهێنین دەنگەکانمان دابەشکردوەتە سەر لقەکانی پارێزگای سلێمانی هەردوو لق ئیش بۆ کاندیدێکی دیاری کراو دەکەن، پێمانیش خۆشە م.ئیبراهیم دەربچێت بەکەسیش ناڵێین دەنگی پێمەدەن، بەبڕیاری کاری رێکخستن، سەرجەم رێکخراوو رێکخستنەکان ئاگادار کراونەتەوە کە کار بۆ سەرخستنی د.محمود عوسمان بکرێت.

ئەندامێکی کۆمەڵی ئیسلامی لە گەرمیان نەیویست ناوی خۆی ئاشکرابکات، لەبارەی کێشەی کاندیدەکەی خۆیانەوەوتی"یەکێک لەو کێشانەی لەناو مەڵبەندی کۆمەڵی ئیسلامی لە گەرمیان دروست بووە، کاندیدکردنی بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیانە، چونکە خەڵکێکی تر هەیە لە مستەوای ئەو خۆی هەڵبژێرێو کە پرسی پێنەکردووە، راستەوخۆ لە مەکتبی سیاسی ئەوەیوتووە، کەس لەکەلار نییە خۆی هەڵبژێرێت، تەنها خۆم هەم، ئەوانیش ئەویان داناوە، هەرچەند ئەمانە دەگەرێنینەوە بۆ سەرکردایەتی سیاسی ئەبوایە بەدواداچونیان بۆ بکردایە".

ئەو ئەندامەی کۆمەڵی ئیسلامی ئەوەشی ئاشکراکرد کەوا بەرپرسەکەی گەرمیانی مەڵبەندی کۆمەڵی ئیسلامی بڕیاری تاکرەوانە دەدات، تا مەکتەبی سیاسی ئاگادارکراوەتەوە، ئەو پۆستەرەکانو وێنەکانی خۆی هەڵواسیوە، خەڵکێک هەیە بەو سیاسەتو خۆسەپاندنەی بەرپرسی کۆمەڵ دەیکات رازی نییە، لەبەرامبەریشدا هەڵوێستمان دەبێت، هەروەها سەرەڕای رێگە نەدان بە پەخش کردنی گۆرانیو مۆسیقا لە کەناڵەکەمانەوە، ئێستا مۆسیقاش لێدەدرێت".

لەبەرامبەریشدا بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیانی کۆمەڵی ئیسلامی لە لێدوانێکیدا بۆ ئاوێنە رایگەیاند" بانگەشە بۆ هەموو کاندیدێ دەکەین ئەوەنیە من تاکرەوانە ئیش بکەم، ئەو قسانە دوورە لە راستییەوەو دەرگای خۆپالاوتنیش لەکەس دانەخراوە". رونیشی کردەوە کە یەک کەس نەهاتووە بلێ منیش خۆم کاندید دەکەم وتی"ئێمە پێشتر کۆبوونەوەی مەڵبەندمان کردووە ،تەنانەت پێم باش نەبووە خۆم کاندیدبکەم، بەخەڵکیشموتووە کە خۆی کاندید بکات بەڵام رەفزی کردووە، هەروەها سکرتاریەت دەنگی داوە بەوەرەقەی نهێنی، یەکێکم لەو کەسانە هەڵبژێراوم.

دەربارەی مۆسیقا لێدان لەکەناڵەکانیانەوە بەرپرسەکەی کۆمەڵ دەڵێت"مۆسیقا بەحەرامی دەزانم، ئێمە مۆسیقای لێنادەین کەناڵی ئاسمانی پەیام لێیدەدات.

> بۆ ئەوەی دەنگەکانمان بڵاوەنەکاتو حەجمی راستەقینەی خۆمان دەرکەوێت، ئیش بۆ د.مەحمود عوسمان دەکەین، کاندیدی سەرۆکە



کچێک لەسلێمانی بانگەشە بۆ پارتی دەکات

فۆتۆ: یەحیا ئەحمەد

## بەسادەیی



عەلی مەحمود محەمەد
دوو هەفتە جارێک دەینوسێت

### ئەم هەموو درۆیە بۆ؟ ئاخر لەبەر ئەوەی معاشەکەی زۆرە

- ئەرێ ئێوەش وەک من بە ژیاننامەی پڕ لە درۆی بەشێکی زۆری ئەم کاندیدانە هێڵنجتان نایاتەوە، باشە ئەم هەموو قارەمانە تا هەنووکە لە کوێ بوون؟ ئەم هەموو خاوەن بڕوانامەی عەلوجە بۆ بێدەنگ بوون؟ هەموو لە ئاوی پاکەوە تا چوکڵی ددان، لە دەرزی پەرەمێزەوە تا دۆشەکەڵەی بەر ئاگردان، دابین دەکەن بۆ دەنگدەران، یەکێیان وتبووی خۆ یەکجارە کە هەڵمیان بژارد دەستم لە مانگانەکە گیر بوو ئەوجا چی دەبێت بە قیرو جهەنەم، ئێستا یەک ڤیلام هەیە لە هاندەران، بە ٣مانگ دەیکەم بە دووان، ئێستا خواخوامە حیزبێک ئاوڕێم لێبداتەوە داواتم کات بۆ کوردستان ،ئەوسا بە مەترۆکەی پۆلیسان دەکەم ئەمسەرو ئەوسەری جیهان، ئەگەر ئێستا دەخۆم گۆشتی کەنگەرو گاو ..ئەوسا بە مامزو ئاسکە کێوی دڵخۆش دەکەم منداڵان.

-محەمەد مەلا قادر"کۆسرەت نابێتەوە بە جێگیری سەرۆکی هەرێم"، خۆزگەم زاکیرەت هێندە لاواز نەبوایە، رۆژی گرتنی شیراتۆنت هەمیشە لە یاد بوایە!!!،سەرۆکی هەرێم جێگیری لۆ چییە، لە هەموو سەفەرێکی هاندەرانو دانیشتنێکی فەرمیدا، بە نهێنیو لە بەرچاوی راگەیاندنەکان، کوڕو براو برازا لە پاڵ سەرۆک ئامادەییان هەیە، تا سەرۆک دەوامی لە دەوامی سەری رەش بێت، جێگیری سەرۆک هەشبێت بە قرانێک.

-چاودێر" لیستی گۆڕان لەبانگەشەی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم پەشیمان بوونەوە" ئەوەی بە درۆی پێش هەڵبژاردن هەڵبخەڵەتێت گەڕوگولە بێت".

- سەرکردەیەکی ئیسلامی "ئەوەی دەنگ بە کەسێکی نوێژ نەکەر بدات گوناهبار دەبێت"مامۆستا دەیەوێت بەغدا حاسڵ بکات، ئەوجا بیکات بە سێ، کەچی لەم هەموو برا موسڵمانە بێژنانە ناپرسێ".

-پیوک میدیا" .www.pukmedia com کاندیدانی هاوپەیمانیی کوردستان سەروەتو سامانی خۆیان ئاشکرادەکەن "،هێشتا دەستیان پێ نەگیووە، با بگەن بەمانگانەی ٢ دەفتەرو ٢٠ حیمایەی مەترۆکە، ئەوسا با بۆمانی ئاشکرای بکەن؟.

-کوردستانی نوێ" ٣٧٢ تاکە فریادرەسی گەلی کوردە"،مەگەر تاکە فریاد رەسیورگی زلو غەبغەبەی ملو گیرفانی پڕ بێت.

-ئاسۆ"خانووەکانی گردەگۆزینەی کەلار، تاپۆ دەکرێن "،ئەرێ گەلۆ ئەمە مانگی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنە، یان مانگی هەڵمەتی خانوو تاپۆ کردنە؟؟.

-پیوک میدیا" .www.pukmedia com هەزار کادیری بزووتنەوەی دوارۆژی کوردستان دەگەرێنەوە ماڵە گەورەکە "www.pukmedia.com سێ لایەنی سیاسی خەبات بۆ ناو ی.ن.ک دەگوازنەوەو سەردانی مام جەلال دەکەن ".www.pukmedia com " هەڵەبجە.. لە ٩ رۆژدا ٢ هەزار لایەنگری گۆڕان گەڕاونەتەوە ناو ی.ن.ک"خوییەکتان گرت بە شیری قەت تەرکی ناکەن بە پیری،دیارە سۆسیال دیموکراتو چاکسازیو ئەنجومەنی حیزبی ،ئەمە پەیرەو بەرنامەیەتی،بە ژمارەکان ئێوە بێت چوارقورنەو هەڵەبجە دوو هێندە دانیشتووانی دەبێت بۆ فەرز بکرێت.

-هەموو سەرکردەکان سەردانی کەرکوک دەکەن، شیرەکەی بابی ئەوەندە هەیە هەموویان بیدۆشن، بێکەسو هەڵخەڵەتاو شارەکەم رۆ.